# یەکسانی

بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

YAKSANY

No. (50) SEP. 2001

PAPER OF INDEPENDENT WOMEN ORGANIZATION

ژمارە (٥٠) ئەیلولی ٢٠٠١


## بژی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنو پیاو!

***ئایا ڕزگاری ژنان بە دەست ژنان خۆیانە؟** عوسمان حاجی مارف (امجد غفور)

... ل٢

# یەکسانی هەمەلایەنی ژنوپیاو ، لە یەکسانی قانونی فراوانترە

## سەرووتار

وەك ئاگادارن لەمانگی ڕابردوودا پەرلەمانی هەولێر چەند دەستکاریەکی لە چەند برگەی قانونی ئەحوال شخسی و قانونی عقوباتی عێراقی کرد. هەر چەند ئەو وورده دەستکاریانەی کراون هیچ ئالوگۆڕێك لە وەزعی ناهەمواری ژیانو مافو ئازادیەکانی ژناندا و لەجێگاو ڕێگای کۆمەڵایەتی ژناندا پێك ناهێنێ ، بەڵام خۆشیان ئەو دەستکاریانەیان ئەوەندە بۆ گرنگ نی‌یە کە بایەخێکی پێ بدەن. ئەم دەستکاریانەی قانونی ئەحوال شەخسیو قانونی عقوباتی عێراقی لە هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن، ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان، تەلەفزیون و ڕادیۆ بڵاو نەکراوەتەوەو قسەیەکیان لەسەری نەکردووەو ڕاو بۆچوونی ژنانیان لەسەر وەرنەگرتووە. لە هەمان کاتدا ڕێگەیان بە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان نەداکۆڕو سیمینارات ساز بدات بۆ قسەکردن لەسەر قانونی یەکسانی ژن و پیاو و پڕۆژەی بەدیلی قانونی ئەحوال شەخسی و ئەو وورده دەستکاریەی کە پەرلەمانی پارتی کردویەتی. ڕێگایان بە ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان نەدابۆچوونی‌خۆی لەسەر ئەم دەستکاریانە بۆ جەماوەر بخاتە ڕوو.بۆیەتێکرایی ژنانی شاری هەولێرو ناوچەکانی سنووری دەسەلاتی پارتی دیموکرات بێئاگان لەم وورده دەستکاری‌یەی دەسەلاتداران !

ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتان لە هەولێر دەیانەوێ لە ڕێگای سازدانی کۆبوونەوەی ژنانی گەرەکە هەژارەکان لە قوتابخانەکانی شاری هەولێردا وەرزێکی هۆشیارکردنەوەی ژنانو ئاشنا کردنیان بە پڕۆژەی بەدیلی قانونەکانی ئەحوال شەخسی کە لەلایەن ناوەندی هاوبەشی ریکخراوەکانی ئافرەتانەوە داریژراوەو هەم بۆ هوشیارکردنەوەی ژنان لە مافە سەرەتایی‌یەکانی خۆیان و ئەم وورده دەسکاریانەی پەرلەمان بەرێ بخەن، بەڵام بەریۆەبەرایەتی پەروەردە مەرجی دانی قوتابخانەکانی بەستۆتەوە بە بەشداری یەکێتی‌ئافرەتانی کوردستانەوە،ئەمە لە کاتێکدایە کەخۆشیان دەزانن ئەم ڕێکخراوە بەرژەوەندی حیزبی دەسەڵاتدار عەکس دەکەنەوەو ئەگەرئەوان نەیانەوێ ئەوا ئەمان بەشداری کۆرو کۆبونەوەی ئافرەتان ناکەن، بەم بیانووە هەول و ماندووبوونی چەند مانگەی ریکخراوەکانی ئافرەتان بۆ وەرگرتنی قوتابخانە و گێرانی کۆرو سمینارات بە ناکام گەیشت٠ ئایا ئامانجی دەستەلاتداران چی‌یە لەم ڕێگریانە ؟ ئایا ئەمە پیشێلکاری ئازادی بیرورا و ئازادی بەشێوەیەکی گشتی و مافی ئافرەتان بەشێوەیەکی تایبەتی نی‌یە ؟ لە کاتیکدا دەستەلاتداران دەستکاریەکی نیوەناچڵ لە چەند برگەیەکی قانونەکان دەکاتە دەستکەو تێکی بەرزو پیا هەڵدانی حزبەکەی‌کەگوایە دیفاع لە مافی ژنان دەکات، کەچی لەولاوە ڕێگری بۆ هۆشیاربوونەوەی ژنان بە مافە سەرەتایی‌یەکانی خۆیانو چالاکی ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافەکانی ئافرەتان پێکدەهێنێ. ئەم ڕێگری پێکهێنانە بۆچالاکی‌و هەڵسورانی ڕێکخراوەکانی ژنانو ئافرەتان ئەوە دەسەلمێنێ کە دەسەڵاتداران بەرژەوەندی‌یان لەگەڵ ئازادی ژناندا نی‌یە. خۆیان ڕێگرن لەبەردەم بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی ژناندا، بۆیە ئەو دەسکاریانەشی کە لە برگەکانی‌یاساکاندا ئەنجامیان دا هەر ئەو ئامانجەی هەبوو کە ئێمە کاتی‌خۆی ڕامان گەیاند و ئەویش ئەوەبوو کە ئەم دەستکاریانەی یاسای عقوباتو ئەحوال شەخسی تەنها بۆ خەفەکردنی دەنگی نارەزایەتی ژنان بوو لەبەرامبەر بێ‌مافیەکانیاندا کە لە کوردستاندا چەند ساڵە بەشێوەی جۆراوجۆر بەرێ کەوتووە .

?

## نەبوونی هۆشیاری یاسایی لای ژن



ساکار احمد

**ڕۆژی٧/١٩ دەزگای گولان بەشی فایلی ئافرەتان سمینارێکی بۆ پێنج لێکۆلەرەوە لە هوتێلی هەورەمان سازکرد، لەژێرناونیشانی نەبوونی هۆشیاری یاسایی لای ژن ، یەك لەمانە ساکارئەحمەد ئەندامی لیژنەی باڵای ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لێکۆلینەوەکەی بەم شیوەیە دەست پێکرد:**

ئەگەر باس لە نەبوونی هۆشیاری یاسایی لای ژن بکەین یان ئاشنا نەبوونی ژن بە مافەکانی خۆی بەرامبەر یاسا ٠

من نازانم باسی کا م یاسا بکەم ، ئایا یاسایەك بەکردەوە پالپشت و پشتگیری مافەکانی ژنە ، مافی ژنی پاراستووە وەك کەسایەتی‌یەکی ئازادو سەربەخۆ و جەخت لەسەر بەردەوامی و پاراستنی مافی ژن دەکات لە هەمان کاتدا ژنان حەز بە ژێردەستەیی و کۆیلەیی دەکەن و بەرەو بانگەوازی یاساکە ناچن و ڕەتی دەکەنەوە ، نەبوونی هۆشیاری یاسایی لای ژن و قبول کردن و مانەوەی بێ مافی و ژێردەستەیی لە لایەن خودی ژنەوە سەرچاوەی نەگرتووە ، تەنانەت چەندەها ساڵە ژن نەیتوانیوە قەناعەت بە بێ مافی و...

**بۆل٣**

# چالاکی‌یەکانی ڕێکخراو

*ڕۆژی سی شەممە ڕێکەوتی ٣١ / ٧ ساکار ئەحمەد ئەندامی لیژنەی باڵای ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە جەلەسەی ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان کۆبۆوە، سەبارەت بەرەو پیش بردنی کارو چالاکی ناوەند و سازدانی کۆڕو سمینارات لە قوتابخانەی گەرەکە میللی‌یەکان ٠ هەر هەمان ڕۆژ ساکار ئەحمەد بەرنامەی مام سمایل و پلکە عەیشێ ی ڕادیۆی ئاشتی بە نامەیەك ئاگادار کردەوەکە ئیهانەو سووکایەتی بە شەخسیەتی ژن دەکات لە ژێر ناوی تەرفیهی و پێکەنین ٠

*ڕۆژی ٨/٣ ناوەندی هاوبەشی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان بە تێکرایی سەرجەم ئەندامانی ناوەند بەنامەیەك ڕادیۆی ئاشتی بەرنامەی مام سمایل و پلکە عەیشێ ئاگادار کردەوە کە بەرنامەکەیان ئیهانەو لێدان و سووکایەتی بە شەخسیەتی ژن دەکەن ، ئەو جۆرە ئیهانەو سووکایەتی‌یان بە توندی محکوم کرد ٠

*ڕۆژی دووشەممەرێکەوتی ٨/٤ ساکار ئەحمەد ئەندامی لیژنەی باڵای ڕێکخراو سەردانی کۆمەڵگای دارەتووی کرد لە نزیکەوە سەردانی چەند ماڵە دۆست و ئەندامی حزب و ڕێکخراوی کرد لە دوایدا هەر لە هەمان کۆمەلگا سەردانی کەیسی سەنتەری کرد لە نزیکەوە ئاگاداری کێشەکە بوو٠

*ڕۆژی ٨/٦ وەفدێکی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بە سەرپەرشتی ساکار ئەحمەد سەردانی منەزەمەی هاپیتات وW.F.P یان کرد چاویان بە بەرپرسی هەردوو منەزەمە کەوت لە نزیکەوە ئاگاداری کارو چالاکی سەنتەرو ڕێکخراویان بۆ کردن ٠

*ڕۆژی٨/١٥ وەفدێکی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان بەسەرپەرشتی ساکار ئەحمەد ئەندامی لیژنەی باڵای ڕێکخراو سەردانی منەزەمەی UNOPS یان کرد ، چاویان بە بەرپرسی منەزەمەی ناوبراو کەوت ، شایانی باسە دانیشتنەکەیان دوو سەعاتی خایاند ٠

... **بۆل٢**

# گوزارشی چالاکی سەنتەری پارێزگاری ژنان

لە٧ مانگی ڕابردوو ساڵی ٢٠٠١ دا ئەو ژنانەی سووتاون لە ژیاندا ماون ژمارەیان ٣٥ کەسە ، ئەو ژنانەی لەلایەن کەس و کاریانەوە کوژراون ژمارەیان ١٠ کەسە ، ئەو ژنانەی بەهۆی بێ ئومێدی لەژیان خۆیان خنکاندووە ژمارەیان ٣ کەسە ، ئەو ژنانەی خۆیان بەفیشەك کوشتووە ژمارەیان ٢ کەسە ، ئەو ژنانەی چ لەلایەن کەس و کاریان چ بەهۆی تەقینەوە بریندار بوون ژمارەیان ٥ کەسە ، ئەو ژنانەی ڕفێندراون لەبەر دەم کەس و کاریان ژمارەیان ١ کەسە ، ئەو ژنانەی بەهۆی‌بێ ئومێدی خۆیان سووتاندوە بەلام کەس و کاریان بۆ نەخۆشخانەیان نەیهێناوەن و لە ماڵەوە مردووە ژمارەیان دوو کەسە ، ئەو ژنانەی کەخۆیان سووتاندووە مردوون ژمارەیان ٤٣ کەسە ٠ ئەوکێشانەی چارەسەر کراون : کێشەی کۆمەڵایەتی دوو کێشە، کیشەی یاسایی یەك کێشە،هەرەشەی کوشتن یەك کێشە ، کەیسەکەگەڕاوەتەوە ناو ماڵ منداڵی٠

ئێستا خانەی ئەمنی سەنتەرچوار ژن و منالێکی تیایە کە هەرچوار ژنەکە هەرەشەی کوشتنیان لەسەرە ،٣ کێشەی یاسایی لە بەر دەستدایە لە هەولی چارەسەرکردندان ٠

?

# ئایا رزگاری ژنان بە دەست ژنان خۆیانە؟

عوسمان حاجی مارف (امجد غفور)



مەسەلەی ژنان بە جۆریك لە کوردستاندا بەرجەستە بۆتەوە کە هەردوو بزووتنەوەی ئیسلامی و کوردایەتیشی ناچار کردووە لەم بارەیەوە نەتوانن بێ دەنگ بن، دیارە هەریەك لەم دوو بزووتنەوەیە بەبێ هیچ ئالوگۆڕیەك لە دیدگای کۆنەپەرستانەیان لە بەرامبەر مەسەلەی ژناندا هاتونەتە نێو کێشمە کێشی ئەم مەیدانەوە و دەیانەوی بە جۆر و شێوازی تر زوڵم و ستەم لەسەر ژنان بەرگری لێ بکەن و درێژەی پێ بدەن.

بۆ نمونە چەند جارە جەلال تالەبانی دەڵێ "دەبێت ژنان بۆ خۆیان خۆیان رزگار بکەن"، بەم رستەیە وەها رادەگەیەنێ گوایە لایەنگری مەسەلەی ژنانە، وە لە چەند شوێنیکی تریشدا ووتویەتی "لایەنگری مافە رەواکانی ژنانم".

مێژووی بزووتنەوەی کوردایەتی نەك هیچ کات لایەنگری لابردنی زوڵم نەبووە لەسەر ژنان بەلکو هەمیشە وەك بزووتنەوەکی کۆنەپەرستی کاریکتەریك بووە بۆ توند بونەوەی نایەکسانی وزوڵم و ستەمی ژنان، شەخسی جەلال تالەبانی نوێنەری بەشی پێشکەوتنخوازی و ئازادی سیاسی نەبووە و مەسەلەیەکشی نەبووە ناوی نەمانی زوڵم و ستەم بێت لەسەر ژنان، وەك لێپرسراوی یەکەمی یەکێتی نیشتمانی لە دامەزراندو رابەری کردن و حاکمیەتیان لە کوردستاندا رێگربوون لەبەردەم ئازادی و رزگاری ژناندا، لە دژی هەر دروشمێکی رادیکال و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاواندا وەستاونەتەوە، بە ناوی رێز بۆ شەریعەتی ئیسلام و داب و نەریتی عەشیرەتی و دفاع لە قانونە چەپەلەکانی رژێمی بەعس رێگریان لە بەردەم پیشرەوی مەسەلەی ژنان پێکهێناوە.

بە کارهێنانی ئەم رستەیە؛ دەبێت ژنان بۆخۆیان خۆیان رزگار بکەن؛ بە رۆشنی بۆچونی کۆنەپەرستانەی جەلال تالەبانی لە دژایەتی کردنی مەسەلەی ژنان رادەگەیەنێ، چونکە ئەم تەعبیرە لەوەوە هاتووە کەزوڵم لەسەر ژنان گوناهی ژنان خۆیانە لە بەر ئەوەی کەم عەقلن و لاوازن، بۆیە دەبێت بە دەرجە دوو لە کۆمەلگەدا حسابیان بۆ بکرێت، هەرکات ئەو سفەتەیان نەما واتە هۆشیار بنەوە و لاوازیان نەما دەتوانن رزگاریان بێت و بینە مەیدانی کاری دەرەوەی مالەوە.

رزگاری ژنان لە زوڵم‌وستەم کێشەیەکی سیاسی کۆمەلایەتی‌یە، بزووتنەوە کۆمەلایەتیەکان لەگەل نفوز و بالا دەستیان لە کۆمەلگەدا ئەتوانن دەوری سەرکی ببینن لەوەی ژنان رزگاریان بێت و ئازاد بن یان هەر بە چەوساوە و دەرجەدوو بیهێلنەوە.

بزووتنەوەی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان بە دەوری بزووتنەوەی کۆمۆنستی و رادیکالدا کۆدەبنەوەو خەباتی رزگاری خۆیان لەریگەی ئەو بزووتنەوەیەوە دەبەنە پێش،بزووتنەوەی ئیسلامی و کوردایەتی رەمز و قەلغانی کۆنەپەرستین و دەبێت ژنان دەوریان ببێت لە تیکشاکاندیان.

هەرئێستا لە بە شێکی کوردستان کە دەسەلات بە دەست یەکیتی‌یەوە چ رێگریەك هەیە تا قانونی ئەحوال شەخسی عیراق هەلوەشیتەوە چ رێگریەك هەیە تیرۆرستانی ژنان دەستگیر بکرین و بەر بە تیرور بگرێت؟ مەسەلە چی‌یە وا دەبێ ئەم ئەمرە تەنها بدریتە دەست خۆیان. کاتی جەلال تالەبانی لە بەشێکی کوردستاندا حاکمە و نارەزایەتی ژنان لە بەرامبەر قانون ودەسەلاتەکەیدایە بۆ دەبێت حەوالەی جێگایەکی تری بکات و بلێت دەبێت خۆتان بۆ خۆتان رزگار بکەن، ژنان بەند و ژێردەستەی دەستی پیاو سالاری و داب و نەریتی عەشیرەتی و ئیسلامیەکان و کوردایەتیەکەی ئیوەن، کە ئەوان نەك نەیان ویستووە و هیچ کات بەرنەمەیان نەبووە ئەوانە بگۆڕن بە لکو هەمیشە هێزەکەیان و کۆمەلگایان بە قانون و داب و نەریتی کۆنەپەرستی و ئیسلامی راگرتووە، کاتی ئەمە دەوری ئەوان بێت ئیستاش ناچارن لە بەرامبەر گەشەی بزووتنەوەی یەکسانیخوازی و نارەزایەتی ژنان بە روویاندا بلێن دەبیت ژنان بۆخۆیان خۆیان رزگار بکەن، واتە بە ژنان دەلێن دەسەلات و چەك بە دەست پیاوانە گەر ئەتوانن برۆن لێیان داگیر بکەن، کە ئەمە پێش هەموو شتێ و بە ئاشکرا رەسمیەتدان و بەرگریە لە پیاوسالاری و ستەم لە سەر ژنان و رزگارنەبونیشیان دەکەنە مەحال.

وەزعیەتی ژنان بە گشتی ئێستا لە کوردستاندا لە ژێر چەپوکی زۆردارانەی کوردایەتی و ئیسلامیەکاندا بەرێوە دەچێت، ئەحزابی کوردایەتی بە دەسەلات و قانون لە کوردستاندا ئەم وەزعیەتە رادەگرن و ئیسلامیەکان بە تیرۆر و ترساندن، هێزەکەی جلال تالەبانی نمونەی پیاوسالاری و کۆنەپەرستی و نا ئینسانی یە لە بەرامبەر ژناندا، ژنان بە کالاو سوك و کەم عەقل ودیل دەبینن، تەعبیری ژنان دەبێت بۆ خۆیان خۆیان رزگار بکەن وەك ئەوەی کە سانی لە زیندانێکدا گیرا بن و چواردەوریان بە قەلاو هێزیکی درندە گیرابیت وە خودی ئەو هیزە درندەیە پیان بلێن رزگاربونتان لەم زیندانە بە دەست خۆتانە وە هەرکاتیکیش هەلاتن و گیران دەکوژرین، کە دیارە رزگاربونی زیندانیانی لەو چەشنە لە گرەوی خەباتی جەماوەری دەرەوەی زیندانەکەیە.

ئیستاش کە حاکمیەتی جلال تالەبانی لە کوردستان بەرگری لە قانونی ئەحوال شەخسی رژیمی بەعس‌و داب‌و نەریتی عەشیرەتی دەکات و خاوەنی هێزیکی چەکدارە، هەر خۆشیان ژنانیان لە پەیوەندی نێو کۆمەلگادا بە زیندانی راگرتووە پیشیان دەلێن رزگاریتان بەدەست خۆتانە، بۆیە چارەونسی پینج هەزار ژن لە کوردستاندا بەرەو رووی تیرۆر بووە و هەربۆیە ئاسایشی سلێمانی هەلی کوتایە سەر بارەگای رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان و سەنتەری ژنان و دایخستن و هەرەشەیان لە هەلسوراوانی ئەو رێکخراونەش کرد، تا لە مەیدانی بزووتنەوەی یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان دووریان خاتەوە و لە دوایشدا جلال تالەبانی دەڵێ "لایەنگری مافە رەواکانی ژنانم" کە تائێستا لە هیچ جێگایەکدا و لە بەرنامەی هێزەکەیدا رای نەگەیاندووە مافە رەواکانی ژنان کامانەن، بەلام ئامادەیە بۆ بەرگری و مانەوەی قانونی ئەحوال شەخسی چەندین ئینسان بکاتە قوربانی.

ئەو تەعبیرەی جلال تالەبانی هەرچەندە نەیتوانیوە پەردەپۆشی زەهنیەتی کۆنەپەرستانەیان بکات لەگەل ئەوەشدا لەو ناچاریەوە رای گەیاندووە کە ئێستا لە ناوچەی حاکمیەتی ئەواندا مەسەلەی ژنان رۆژانە یەخەیان پێ دەگرێت، کۆمۆنستەکان و کەسانی رادیکال و ئازادی خواز و ئینسان دۆستان وەك کێشەیەکی کۆمەلایەتی خەبات بۆ مەسەلەی ژنان و یەکسانی هەمەلایەنەی ژنان و پیاوان و دژی تیرۆری ژنان دەکەن و بزووتنەوەیەکی جدی و بەرفراوان لە ئارادایە، کە گەشەی ئەم حەرەکەتە جێگای بزووتنەوەی ئیسلامیەکان و ناسیۆنالستەکان لە کۆمەلگەدا زیاتر دەخاتە پرسیارەوە.

رزگاری ژنان لە کوردستاندا لە سایەی ئەو شورشە کۆمەلایەتیەدایە کە هەرچی پەیوندی نا ئنسانانە و چەوسینەرانە و کۆنەپەرستانەیە رایدەمالیێت‌و ژنانیش دەوری سەرەکی تیا ئەگێرن، ئێستا هێزەکانی کوردایەتی و ئیسلامیەکان نوێنەرایەتی چەوساندنەوە و کۆنەپەرستین، حیزبی کۆمۆنستی کرێکاری عیراق رابەر و رێکخەری ئەو شۆرشەیە.

?

# پاشماوەی کار وچالاکی‌یەکانی

*رۆژی ۸/۱۹ وەفدێکی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان کەی پێکهاتبوون لە ئاڤان صمدو تانیا ئەندامانی رێکخراوبەسەرپەرشتی‌ساکارئ ەحمەدلە سەرداوای خۆیان دووبارە سەردانی منەزمەی UNOPS یان کرد چاویان بە جینیڤەرکەوت، شایانی باسە دانیشتنەکە دوو سەعاتی خایاند داواکرا پەیوەندی لە نێوان هەردوو لاوە بەردەوام بێت ٠ هەرهەمان رۆژ وەفدی ناوبراو بۆ ئێوارەکەی بەشداری کۆرو پیشانگای مانگرتوانی پەنابەرانی ئیرانی لە شارۆچکەی عەنکاوە کرد

*رۆژی ۲۰/ ۸ ساکار ئەحمەد ئەندامی لیژنەی بالای رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان چاوپێکەوتنی لەگەل رۆژنامەی میدیا لە مالی شەرفخانی بەتلیسی سازدا٠

*رۆژی ۸/۱ نیان علی نوێنەری رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە سلێمانی بە نوێنەرایەتی ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان سەردانی دادگای سلێمانبان کردو چاوی بە حاکم کمال کەوت ، سەبارەت بە بریارەکانی ۵۹و۶۲ی‌دەسەلاتدارانی سلێمانی"سەبارەت بە قەدە وکوشتنی ژنان بەبیانووی ناموسپەرستی و فرەژنی قسەوباسیان کرد . نیان علی باسی لە جێبەجێ نەکردنی ئەم برِیارەکردو حاکم کمالیش ئیشارەی بەوە کرد کە دوبارە خەریکی تەعدیلی هەردوبریارەکەن و ئێستا بەهەمان بریارەکانی پێشوو کاردەکرێ! هەر سەبارەت بە هەمان مەسەلە سەردانی حاکم ئاسۆیان لە دادگای سلێمانی کرد.

*رۆژی ۸/۵ نیان علی نوێنەری رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان لە سلێمانی و نیشتمان کمال نوێنەری رێکخراوی ئاسودە لە ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان سەردانی عبدالرحمن معروف-وەزیری دادی"سلێمانی"یان کرد، سەبارەت بە یاسای ئەحوال شەخسی عێراقی، پێویستی بوونی نوێنەری ناوەندی هاوبەش لە ناو هەیئەتێك کە بۆتەعدیلکردنی بریارەکانی ۵۹و۶۲ پێك هاتووە، هەروەها قبولکردنی مافی ناوەند وەکو مودەعی لەسەر ئەو کەسانەی کە بەتاوانی دژی ژنان لەدادگا هەلدەستن، چەند مەسەلەی تریش قسەوباسیان کرد. وەفدی ناوندی هاوبەش ئیشارەیان بەو تاوانانەی دژ بە ژنان کە لەدوای دەرچوونی ئەم بریارانەشەوە کردو ئەنجام دراون و.......

* نیان علی نوێنەری ..... توانی لەرێگای کێشەی ژنێك بەناوی"ق.س. ا" کە تەلاقدرابوو وە مێردەکەی‌رێگەی نەدەدا منالەکانی ببینێ‌و نەفەقەی نەدەدایە، چارەسەر بکات.

*نیان علی نوێنەری رێکخراوی‌سەربەخۆی ئافرەتان لە مانگی رابردوودا بە نوێنەرایەتی ناوەندی هاوبەشی رێکخراوەکانی ژنان لە سلێمانی لەگەلْ کەنالی کوردسات، سەر بەیەکێتی‌نیشتمانی، چاوپێکەوتنێکی سازدا سەبارەت بە وەزعی رێکخراوەکانی ژنان و دەورونەخشیان لە مەسەلەکانی‌ژناندا و دەوری ئەحزاب لەسەر رێکخراوەکانی‌ژنان‌و هەروەها دەورو نەخشی دەسەلات لە پەیوەند بە مافەکان ژنانەوە. هەر هەمان مانگ چاوپێکەوتنی لەگەلْ گۆڤاری خاك ئەنجام داوە سەبارەت بە بوارەکانی ئازادی سیاسی بۆ ژنان و کەنالەکانی فشارهێنانی بزووەتنەوەی‌ژنان بۆبەدەست هێنانی ئازادی سیاسی و کردنەوەی‌دەرگاکان بەروی ژناندا.

?

# ئازادی ژنان پیوەری ئازادی کۆمەڵگایە

# پاشماوەی نەبوونی هۆشیاری یاسایی لای ژن

... ژێردەستەیی خۆی بکات بەلکو هەمیشە لە نێوان ململانێ و نارەزایەتی بەردەوامی لە پلە دووی و کویلەیی خۆی بووە ، ئایا ژن چ کاتێك و چەند توانیویەتی ئیرادە بنوێنی و خاوەن هەلوێست و مقاوەمەت کردن بێت بۆ داکۆکی لە مافە زەوت کراوەکانی خۆی ، خەباتی ژنان شتیکی بەلگە نەویستەپێویتی بە نمونە هێنانەوە نی‌یە.

کۆیلایەتی ژن زۆر لە سەرمایەداریکۆنترە. لەو کاتەوە کۆمەلگای چینایەتی پێکهاتووە کۆیلەیەتی ژن دەستی پێکردووە.سەرەتایی دەست پێ کردنی کۆیلەیەتی ژن دەگەرێتەوە بۆ یەکەمین کاردابەش کردن نێوان ژن و پیاو ، کە ژنان لە مالکیەتی اقتصادی تایبەت بە خۆی دەست کۆتا کراون ، لە هەموو سەرچاوەیەکی ئابووری و مالکیەتی تایبەت بە خۆی داشۆراو وبێ بەش کراون ، کاری بێ کرێ و بێ نرخ وەك کاری ناومال و خزمەت کردنی هاوسەر و جل شۆرین و ····بووە بەشێکی دانەبراوی کاری ژنان ، سەرمایەداریش سوودی لە بێ کرێ و بێ نرخی کاری ژنانی وەرگرتووە بۆ زیاتر کەلەکەکردن و زۆر کردنی سەرمایە ئەگەر ژنانیش بەشداری لە کاری کرێکاریدا چ لە کارگە و بواری کشتوکال یان هەر کارێکی تردا ئەوا بە نرخێکی هەرزان و کرێ یەکی کەم هێزی کاریان فرۆشتووە · تەنانەت ناتوانن بژێوی تاك و خێزان دابین بکەن · لە کوردستانیشدا گەورەترین کۆسپ و رێگری لە بەردەم ژنان هەیە بۆ کارکردنی لە بوارە جیاجیاکانی ژیان چ لە بواری کۆمەلایەتی رێگە نادرێت ژنان وەك کەسایەتی‌یەکی کامل و تەواو دەورو نەخشی هەبێت لە کۆمەل یانیش لە بواری یاسایی و ئابوری و سیاسی··

ئاینی ئیسلامیش کە پارێزگاری لە هەمان ئایدۆلۆژیاو بەرژەوەندی چینایەتی بۆرژوازی دەکات ، کەوتە پاساودان و شەرعیەت دان بە بێ‌مافی و پلەدوویی ژنان ، ژن بە پلە دوو پێناسە دەکرێت ، لە شاهیدیشدا دوو ژن بەرامبەر پیاوێکن ، لە میراتدا نیوەی پیاو وەردەگرێت ، لە زەواجیشدا لە بازاری ئازادو دەلالی چاك نرخی کرین و فرۆشتنی دیار دەکرێت، لە ژێر ناوی شیربایی و مارەیی دوو دوو و سێ سێ ، چوار چوار بەرامبەر پیاوێك ریز دەکرێت ، جیا لە مافی سەفەر و هاتوچۆ دەبێت لە ژێر فەرمانی پیاو دا بێت ، گویرایەلی پیاو بێت ، نابێت لە فەرمان و قسەی پیاو دەرچێت وپێویستە بەرژەوەندی پیاو ی لە بەرچاو بگرێت و قسەلەقسەی نەکات و پێویستە شەرمن بێت و لە پەرۆو پال خۆی لوول بدات ، هیچ شوێنی بە دەرەوە نەبێت نەوەك پیاوی بێگانە بیبینێت ، نابێت تێکەلاوی پیاو بێت ، ئەو شوێنەی پیاوی تیایە نابێت ئامادەبێت ، هەتا جل و بەرگ پۆشین بە وویست و ئارەزووی خۆی لێ قەدەغەیە ، گرنگی دان بە ئارایشت و پاراستنی جوانی و ماهیەتی خۆی لێ قەدەغەیە بەلکو دەبێت ئەو جل و بەرگە بپۆشێت کە بۆی دیار کراوە ، هەر کاتێ سەرپێچی فەرمانی پیاوی کرد ، کەسایەتی خۆی چەسپاندو خاوەن بریارو قەرارات بێت ئەوا رووبەرووی لێدان و ئیهانەو سووکایەتی جیابوونەوە دەبێت ، ئەو ساتەش بە بێوەژن و نیوداش و بەکارهاتوو لەقەلەم دەدرێت و لە بازار نرخی دادەبەزێت هەموو کەسێك خۆی لە هاوشانی نادات ، لە نەزەری شەرع ژن ناقص عەقل و ناتەواوە ، توانایی بریاردانی لە هەموو بوارەکانی ژیان نی‌یە بە تایبەتی بواری سیاسی کە ژن توانای نی‌یە رووبەرووی پیاو بوەستێت و داوای مافی خۆی بکات و هەموو زنجیرەکانی کۆیلەیی و ژێردەستەیی بپسێنێ ، بە ئازادی بدوێ بەلکو هەموو ئەو بێ مافی پلەدوویی ژن بۆتە بەشێکە دانەبراوی ژیانی ژن · کام لە ئێمەی ژن هەیە رۆژان گوێبیستی پێشێلکاری و سووکایەتی و بێ مافی نەبێت یان رووبەرووی نەبێتەوە ئینجا چ لە رادیۆ و تەلەفزیون و مینبەری مزگەوت و شوێنی پرسەی ژنان وهەتا بە دەزگا اعلامی و میدیاکان بە داتاشین و سازکردنی هەزارو یەك سیناریوی تراژدیای جۆراو جۆرو سەرسورهێنەر ، یانیش بە هۆی ئەم کتێبە ئیستراداکراوانەی بازاریان پرکردۆتەوە بۆ زیاتر راهێنان و کۆیلە کردن و قەناعەت پێ کردنی ژنان بە بێ توانایی و بێ ئیرادەیی و ژێردەستەیەیان ، قانونی ئەحوال شخصی دارێژراوی ١٩٥٩ی هەموارکراو هەمان بنچینە و بنەرەتی بێ مافی و پلەدوویی کردۆتە پرنسپ و بنەما بۆ دارشتنی قانونی ئەحوال شخصی هەر لە سەرەتای قانونەکە لە پێناسەی زەواجدا ژنی کردۆتە ئامرازێك بۆ منال بوون ، مەرجی منال بوونیش لە برگەی (٤) ماددەی (٣) رۆشن و دیارە کە پیاو بۆی هەیە ژنێکی تر بخاتە رێز ژنی یەکەم لە برگەکانی (٥،٤)ی هەمان ماددە رێگەی بە فرە ژنی داوە ، ژنی کردۆتە هەمان ئامراز بۆ منال بوون و گویرایەلی هاوسەر لە بەرامبەریدا پیاو دانبنێت بە دابین کردنی بژێوی ژیانی واتە بژێوی ژن بخاتە ئەستۆی خۆی ، لێرەدا ژن کالایەکە نرخی چەندایەتی و چۆنایەتی لە سەر دیار دەکرێت ، نرخی چەندە ، دوای جووت بوون چەند دەبێت ، کەلە هاوسەرەکەی جیابۆوە نرخی چەند دادەبەزێت ، لە ماددە و برگەکانی تریش بە هەمان شێوە چ لە میرات و جیابوونەوە بێ مافی و ژێردەستەیی پێوە دیارە لە هیچ برگەیەکی قانون ئەحوال شخصی دا پێناسەی ژنی وەك کەسایەتی یەکی کامل و تەواو ئازادو سەربەخۆ نەکردووە ، بەلکو ژنی ناساندووە بە پلە دووو وابەستەی پیاو · لە قانونی سزادانی ژمارە ١١١ی سالی ١٩٦٩ ی هەموارکراو هەر چەند هەندێك برگەی لە بەرژەوەندی ژن دایە بەلام لە دادگا کاری پێ ناکرێت وەك ماددەکانی ٣٩٣ ، ٣٩٤ . ٣٩٨، بەلکوچەندین نمونەی جۆراوجۆری ئەو ماددانەم لە بەردەستدایە کە ئەو برگانە دەگرێتەوە ، هەتا شەخسەکان دەعوایان لە سەر نوسیوون بەلام کەس نە بە دوای داواکەیان هاتوون نەکەس گویێ لێ راگرتوون وەك اغتصاب کردنی فەزیلە گۆرگیس کە مەسیحی و خەلکی عەنکاوە بوو لەلایەن ئەحمد درویش کە ئیسلام و خەلکی شەقلاوە بوو حوکمی اغتصاب (٢٥)سال و ئەبەدیە کەچی تاوانبار بۆ یەك رۆژ نەگیراو و ئازاد بوو لە هەرەشە ی خۆشی بەردەوام بوو ، رفاندنی سوهام عەبدوللا خەلکی گەرەکی بەهاری لە بەردەم کەس و کاری و جلەکا نی لە بەر دادرا بەلام دوای دوو رۆژ تاوانباران لە مرکز شرتەی ئازادی ، ئازاد بوون و ئازاد کران ، چەندین نمونەی ترمان لە بەردەستدایە ، خۆ سووتاندنی چەندەها ژنی تر لە لایەن کەس و کاریان نەهێنانیان بۆ نەخۆشخانە بە سووتاوی لە مالەوە دەمرن ، چەندین نمونەی لەم جۆرە لە بەر دەستمان دایە بەلام لە هەمان کاتدا هیچ برگەیەکی یاسایی نی‌یە مافی ئەو ژنانە بپارێزێت ·

ماددەی (٤٠٩) لە قانونی سزادان بی مافی و کۆیلەیی و تیرۆری و رەشەکوژی بە خەلات بە بالای ژن بەخشیوە ، کە ژنان گەورەترین قوربانی باجی ناموس پەرستی داوە ، تاوانبارانیش لە گول کالتریان پیێ نەووتراوە ، نە دەزگا و دائیرە و حزب و مافی مرۆڤ ناتوانن رێژەی قوربانیانی ناموسس پەرستی کۆبکەنەوە رابگەیەنن کەژمارەیەکی ئەوەندە زۆرو سەرسورهێنەرە تا ئیستا لە هیچ بەرەیەکی جەنگ تۆمار نەکراوە ، تیرۆرو رەشەکوژی ژنان بووە سەرچاوەیەکی نەهامەتی ژیانی ژن ، چەقۆی تیژی پیاو سالاری نزیك بوونەوە لە گەردنی ژن ، رۆژانە چەندەها تراژدیای نا ئینسانی پێ تۆمار کراوە · لە گەل رەشەبای ترس و تۆقێنەر هەموو جولانەوەیەك و سەربەستی‌یەکی ژنی زیندە بە چال کردووە·ژن نەك هەر کەسایەتی تایبەتی خۆی لە دەست دەدات بەلکو هێزو ئیرادەی بەرەو لاواز بوون دەچێت و زیندە بە چالدەکرێت و دەبێتە کەسێکی دەستە مۆی پیاو سالارو و مل کەچ کردوو ، ئایا ژنان خۆیان تەعەسف و خەم و پەژارەی هاو رەگەزەکانی تر نین و فرمێسکی خەماویان بۆ نابارێنن یانیش دەبێت مل کەچ و تەقەبولی ئەم واقیعە تالە بکەن هەتا هەموو ئازادی‌یەکانی تایبەت بە خۆی سنوردار دەکات بۆ ئەوەی لە بەها رەهەندیەکانی ئەخلاقی لە قەلەم نە درێت و نەکەوێتە بەر چەقۆی پیاوسالاری و عەشیرەتگەری و ناموسپەرستی · ئایا هەموو ئەوانە مافی ژنانن لە هەمان کاتدا ژنان ئاشنایەتیان لەگەلی پەیدا نەکردووە و هۆشیار نین پێ ، بەلکو هەمان قانونی ئەحوال شخصی هەلقۆلاوی سەرچاوەی داب و نەریتی کۆن و دواکەوتی کۆمەلگای کوردستانە ، شەرعیەتی پێ دراوە لەگەل بەردەوام بوونی ژیان بووەتە خوو نەریتێکی کۆمەل ، تەنها چەند نمونەیەکی بچوك دەهێنمەوە وەك ژن بە ژنی . گەورەو بچوك ، دیاری کردنی خورەوشتی کچ ···· لە گەل چەندین نمونەی تر لە وانەیە بلێن ژنان خاوەن رێژەو ژمارەیەکی پلە پایەی و بروانامەی بەرزن و لە شوێنی بەرز دامەزراون لە هەمان کاتدا مل کەچی ژێردەستەیی واقیعی خۆیانن کە ماهیەتی ئینسانیان لە دەست داوە . خۆشیان نارازی و مەعترزن پێ بەلام لە هەمان کاتدا قبول کردنی مل کەچی و ژێر دەستەیەیی بۆ بروانامە و پلە پایەی بەرز ناگەرێتەوە ، بەلکو بۆ لاوازی ئاستی هۆشیاری و رۆشنبیری و بێ ئیرادەو ستەمکێشی خودی ژن دەگەرێتەوە ، کە دەبێ چ ئیرادەو جورئەتێك لە خۆی نیشانبدات بۆ دەست نیشانکردنی ئەوانەی کە پلە پایەی ژن بە کەم دەزانن و دادەنێن ، ئایا کامیانن یاساو ئایین ویان داب و نەریتی کۆمەل ؟ یان خودی ژنان خۆیانن · ئیرادە نواندن بۆ پچرانی کۆت و بەندو زنجیری کویلەیەتی پێویستی بەروحی مقاوەمەت و رووبەرووبونەوەو بەرز راگرتنە لەبەرامبەر ئەو داب و نەریتە کۆنەپەرستانەی کۆمەل کە چەند زالم و بێ رەحمە پایە و بنەماکەی لەسەر بەها ئینسانی و روحی دامەزراوە تا بتوانن پاشەکشەی ژن لە ناو چەقی هاوکێشەی بێ مافی و کویلەیی بهێلیتەوە · ئیرادەو هێزی یەکگرتووی خودی ژنان پەیامی رزگار بەخشی ئازادی ژنانە لە ژێردەستەیی و مل کەچی و بێ ئیرادەیی ، دەمەوێت چەند هۆکاری تر دەست نیشان بکەم ئەویش پەروەدەی منال : هەرچەند مندال بەئازادی لە دایك دەبێت هەلس و کەوتی لەگەل خوشك و براکانی هاو تەمەنی خۆی هیچ جیاوازیەك لە نێوان خۆی و منالانی تر بەدی ناکات بەلام ساتێ گەورەسالاران و کاردابەشکردنی نیوانیان بووەتە نەریت منالانیش ، هەمان تەقلیدو لاسایی گەورەسالاران و کارکردی لە سەر خودی منداڵ دەبێتە هۆی لێك جیاکردنەوە و دژایەتی کردنی یەکتری ، بۆ نمونە کچ بە شێوەیەك پەروەردە دەکرێت ، کوریش بە شێوەیەکی تر کە جیاوازیەکی زۆر لە نێوانیان پەیدا دەبێت بە شێوەیەکی پەروەردەی جیاواز رادەهێنرێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەگەل تەمەنی ژیان ساتێ گەورەبوون ئەوکات هەست بە رووبەرووبونەوەی ئەو واقیعە تالە دەکات کە لە هەموو قۆناغەکانی ژیان جیاکاری پەروەردەیی لە نێوان خۆی و براکەی لە مامەلە و رەفتارو هەلس و کەوتی چ لە مالدا لەگەل دایك و باوکی چ لە قوتابخانە لە لایەن مامۆستاکان لێك جیاکردنەوەی کچان و کوران ئاگادار کردنەوەیان و نەهێشتنی تێکەلاوی بوون و سیستەمی مەنهەج و پرۆگرامەکانی قۆناغی خوێندن پاساوی جیاکاری ژێردەستەیی ژن دیار دەکات بە تایبەتی بوونی هەندێ ماددە تایبەت بە کچ و بی بەشی کور لێ بەلکو ئەمە باشترین بەلگەیە بۆ جیاکاری و جیاوازی و پلەدوویی ژنان.

بۆیە دەبینین ژنان بەرزترین پلەی خوێندنی تەواو کردبێت درکی بەو واقیعە تالەی ژیان کردبێت تا چەند هەلوێست و ئیرادە دەنوێنی رەفزی ئەم واقیعەتالە دەکاتەوە ئەمەش بە تەنها بەژن نابێت بەلکو بە هاوکاری ئەحزابی دەستەلاتدار و کەسانی ئازادیخواز و مەدەنی و یەکسانیخواز بەلام کامە حزبی دەستەلاتدار لە بەرنامەی حزبەکەی برگەیەکی تەرخان وپەخشان کردووە ، سەنگەری خەبات و تێکۆشان و مەیدانی بزوتنەوەی ژنانی یەکسانیخواز بە هێز کردووە ، ناساندنی ژن وەك کەسایەتیەکی کامل و ئازادو سەربەخۆ چ بە هۆی دەزگای اعلامی رادیۆو تەلەفزیون هۆشیاری ژن بلاو کردبێتەوە مافی رزگاری بەخش و پەیامی ئازادی بەخش بۆ ژنان رابگەیەنن·

?

## ناموس پەرستان لە هەرەشەو تیرۆر بەردەوامن !

### بەشێکی لە بەیاننامەی سەنتەری پارێزگاری ژنان:

.. (چ)کچێکی تەمەن ٢١ سالە خەلکی رانیيە يە ، دایك باوکی نەماون لە لایەن زردایك و زربراکانی ژیانی بەسەر بردووە، دوای ئەوەی لەلایەن کەسێکی ناسیاوی خۆیان ئیغتصاب دەکرێت ، بە هۆی فەرهەنگی دواکەوتووی ئەخلاقیاتی کۆنەپەرستی نەیتوانیوە ئەم تاوانە گەورەیەی دەرهەق بەرامبەری کراوە بدرکێنی و ئاشکرای بکات

بەهۆی ئەم ئیغتصابەوە دووگیان دەبێت و تاوانباریش رادەکات و خۆی وون دەکات · ساتێ دووگیانی و بەدیاردەکەوێت و ئیغتصابوونەکەی ئاشکرا دەبێت ، لەلایەن کەس و کاری‌یەوەبریارو پلانی کوشتنی بۆ دادەرێژرێت پێش ئەنجامدانی پلانە دارێژراوە دژئینسانی‌یەکە ، ئەندامانی رێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان دەگەنە شوێنی مەبەست گیانی (چ) رزگار دەکەن و دەگەیەنرێتە خانەی ئەمنی سەنتەری پارێزگاری ژنان ، ئێستا ئەمنیەتی گیانی لە سەنتە ر پارێزراوە ·

... با ئێمەش دەنگی نەفرەت و نارەزایی هەلبرین بۆ تێکشاندنی ئەو دیوارە دارێزیوەی کەهەزاران سالە لەسەر بناغەی بێ مافی ئێوەدروست بووە ، هەول و خەباتمان بۆ پێشەوە بەرین بۆدادگای کردنی تاوانباران و چەسپاندنی قانونی یەکسانی ژن و پیاو ·

٢٠٠١/٧/٢٤

# هەواڵەکانی توندو تیژی لە دژی ژنان

١-لە ٦/٢٧ لەگەرەکی ٩٠ژنیك بەناوی " ریم" و پیاویك بە ناوی " بیستون" دەکوژرێن لە گەل بریندار بونی ٧ کەسی تر لە خێزانەکەیان لەئەنجامی هێرش کردنە سەریان لە لایەن براو خالی ژنەکە ، بەحوکمی ئەوەی کە بێستون و ریم پێکەوە ژیاون بێ زەواج. ئێستا خال و برای ژنەکە گیراون.

٢-شەوی ٧/٢٤/٢٣ ژنێك بەناوی ئەلماس عەلی جەبار لە گەرەکی شۆرجە پاش ئەوەی بێ زەواج سکی پردەبێت، لە خۆشەویستەکەی خۆیدا، مامی سەری دەبڕێ، ئیستا خوشەویستەکەی و مامی لە سجندان.

٣-رۆژی ٧/١٥ بێگەرد حسین ( قەلاتی) بەهۆی رژانی ئاوی گەرمەوە بەسەریدا لەشی دەسوتێت.

٤-رۆژی ٢٠٠١/٨/٧ لەشاری رانیە لە گەڕەکی ئاوارەکان ( ژیان قادر تەها) تەمەن (٢٤) ساڵ خۆی دەسوتێنێ. لە ٨٠٪ ی لەشی سوتاوەو دوای (٦) رۆژ لە نەخۆشخانەی تەعلیمی لە سلێمانی لە رۆژی ٨/١٣ گیانی لەدەست ئەدات.

٥-ناسکە ئەحمەد تەها تەمەنی ١٨ ساڵە خەلکی گەرەکیسێتاقانی شاری هەولێرە ، چەند سالە زەواجی کردووە ، لە ٧/ ٦ هاوسەرەکەی زۆری لێ دەدات ، لە ئاکامدا خۆی دەسووتینێت ، دوای ٧رۆژ گیان لە دەست دەدات ٠

٦-سازان زیرەك تەمەنی ١٤ ساڵە خەڵکی گەرەکی شۆرشی شاری هەولێرە لە ٧/٢ خێزانەکەی زۆری لێدەدات لە ئاکامدا خۆی دەسووتینیت ، دوای ١٥ رۆژ گیان لە دەست دەدات

٧-سەدریە یابە ، تەمەنی ٤٧ ساڵە ، خەڵکی گەرەکی بەهاری شاری هەولێرە ، چەند ساڵە هاوسەرەکەی نەماوە لە ٧/١٣ کورەکانی زۆری لێدەدەن و قسەی ناشیرینی پێدەلێن لە ئاکامدا خۆی دەسووتینیت دوای ٨ رۆژ گیان لە دەست دەدات ٠

٨-سنیە قادر عومەر تەمەنی ١٤ ساڵە خەڵکی گوندی کەسنەزانی شاری هەولێرە لە ٧/١١ خۆی دەسووتینێت هەتا ئێستا هۆیەکەی نەزانراوە دوای ٦ رۆژ گیان لە دەست دەدات ٠

٩-شاجان ئەسعەد شاهین ، تەمەنی ٢٠ ساڵە ، هەرکییە ، خەڵکی گوندی خەزنەی شاری هەولێرە لە ١٦/ ٧ خۆی دەسووتینێت هەتا ئیستا هۆیەکەی نەزانراوە دوای ٢ رۆژ گیان لە دەست دەدات٠

١٠-رینا قاسم عەبدول جەبار ، تەمەنی ١٨ ساڵە خەڵکی گەرەکی ئازادی شاری هەولێرە چەند مانگە زەواجی کردووە ، لە ٧/٢٧ خۆی دەسووتینیت دوای ٧رۆژ گیان لە دەست دەدات٠

١١-هاوژین جەلیل تەمەنی ١٦ ساڵە خەڵکی گەرەکی عەلیاوەی شارۆچکەی کۆیە ، کورێکی خۆش دەوێت پاش ئەوەی مالی کورەکە بۆ خوازبێنی هاوژین دێن بەلام مالی باوکی هاوژین رازی نابن لە ئەنجامدا لە ٧/١٧ خۆی دەسووتینێت دوای ٤ رۆژ گیان لە دەست دەدات٠

١٢-چیمەن محەمەد عەبدوللا ، تەمەنی ١٤ ساڵە خەڵکی کۆمەڵگای پیرزینی شاری هەولێرە ، ساڵێکە زەواجی کردووە ، منداڵێکی دوومانگی هەیە ، لە ٧/٢٤ لەگەل خەسووی بە شەر دێت ، هاوسەرەکەشی زۆری لێدەدات لە ئاکامدا خۆی دەسووتێنێت هەر هەمان رۆژ بۆ ئێوارەکەی گیان لە دەست دەدات ٠

١٣-سەعدیە نەجم عەبدوللا ، خەڵکی کۆمەڵگای بنەسلاوەی شاری هەولێرە ، ئاوارەی کەرکوکن ، کچە زەواجی نەکردووە ، لە ٧/٢٧ لەلایەن براکانییەوە زۆری لێدەدرێت ئەویش لە هەمان کاتدا خۆی دەسووتێنیت دوای ٦ رۆژ گیان لە دەست دەدات ٠

١٤-خوناو ژنێکی تەمەن ١٧ سالە خەلکی رواندزە ، شووی بە پیاوێکی هەریری کردووە، لە هەریر دادەنیشێت لە ٧/١٨ لەلایەن هاوسەرەکەی تیرۆر دەکرێت ٠

١٥-لە ٧/٨ ژنێك خنکاوە لە زێی قەندیل دۆزراوەتەوە بێ کەسە ، ئەو ژنە هەتا ئێستا تەرمەکەی لە بنکەی پۆلیسی هەریرە ٠

١٦-لەسەرەتای مانگی ٨ کچێك خەلکی گوندی دەرگەلەی سەر بە ناوچەی رواندزی شاری هەولێرە ، براکەی وویستویەتی ژن بەژنی بۆ خۆی پێبکات ئەویش رازی نابێت و براکەی زۆری لێدەدات لە دوایدا دووفیشەکی پێوە دەنێت و دەیکوژێت ٠

١٧-ا،ب خەلکی گوندی گلێنجانەی شاری رانیەیە لە ٧/٢١ خۆی دەسووتێنێت هۆیەکەی هەتا ئێستا نەزانراوە ، دوای ٤ رۆژ گیان لە دەست دەدات ٠

١٨-رۆژی ٨/١ دوو ژن جلی مەدەنیان لە بەر دەبێت لە بازاری لەنگە فرۆشانی شاری هەولێر لە کاتێکدا بازاری لەنگە فرۆشان ئاگر دەگرێت چەند پیاوی ناو بازارەکە بە هۆیهاو فیتە فیت بە دوای ژنەکان دەکەون ، هەر چەند لە هەمان کاتدا پۆلیس ئاگادار کراوەتەوە بەلام کەس بە هانای ژنەکان نەهاتوون ٠

١٩-رۆژی ٨/٢٥ دوو ژن جلی مەدەنیان لەبەر دەبێت ، سواری ریمی گەرەکی کورانی شاری هەولێر دەبن ، لەناو ریمەکە مەلایەکی تیدا دەبێت هەر چاوی بە دوو ژنەکە دەکەوێت ، دەست دەکات بە خۆیندنەوەی ئایات ، قسە بە دوو ژنەکەدەلێت دوو ژنەکەش وەلامی مەلای ناو ریمی دەدەنەوە ، دوو گەنجیش لە ناو ریمەکە دیفاع لە مەلا دەکەن قسەی ناشیرین بە دوو کچەکە دەلێن لە ئاکامدا دوو کچەکە ریمەکە بە جیدەهێلن ٠

٢٠-لە ٨/٥ عەتیە عومەر تۆفیق تەمەنی ٣٣ ساڵە خەڵکی کۆمەڵگای قوشتەپەیە خۆی دەسووتێنێت بەلام کەس و کاری زوو فریای دەکەون ئاگرەکە دەکوژێننەوە٠

٢١-رۆژان واحد عەبدوللا تەمەنی ١٥ سالە حەلکی گەرەکی مفتی شاری هەولێرە ، قوتابییە لە پۆلی سێیەمی ناوەندی لە ٨/٥ خۆی دەسووتێنێت هەتا ئیستا هۆی سووتانەکەی نەزانراوە ٠

٢٢-فاتمە خەسرۆ بەگ نورەدین بەگ ، تەمەنی ٣٣ ساڵە خەڵکی گەرەکی شرتەی شاری هەولێرەبە ئەسل خەلکی شارۆچکەی شەقلاوەیە کە مامۆستایە لە دواناوەندی جەمهوری کوران ، زەواجی کردووە ، دوومنداڵی هەیە ، لە ٨/٥ هاوسەرەکەی زۆری لێدەدات ، لە ئاکامدا ئاگر لە جەستەی خۆی بەردەدات هەر چەند فریای دەکەون و ئاگرەکە دەکوژێننەوە بەلام دوای رۆژێك گیان لە دەست دەدات٠

٢٣-ئەسمەر عەلی بایەزید ، تەمەنی ١٥ ساڵە، خەڵکی کۆمەڵگای ساردلوەی میرگەسوورە، کچە بارزانییە چەند ساڵە لە ئێران گەراینەوە ، ئەسمەر پەیوەندی خۆشەویستی لەگەل کەسێکی دراوسێ خۆی دەبێت ، لە ٨/١٥ قسەی لەگەل خۆشەویستەکەی دەکات براکەی دەیبینێ و زۆری لێدەدات ، لەئاکامدا ئەسمەر خۆی دەسووتێتنێت ، هەر چەندفریای دەکەون و ئاگرەکە دەکوژێننەوە بەلام دوای ٦ رۆژ گیان لە دەست دەدات ٠

?

یەکسانی

بڵاوکراوەی ڕێکخراوی سەربەخۆی ئافرەتان

سەرنووسەر: ساکار أحمد

sakar_a@yahoo.com

# تەعدیل کردنی قانونی ئەحوال شەخسی یان گۆرینی، کامیان خواستی بزوتنەوەی ژنانە لە کوردستان؟

## یوسف محمد

ئەو تەعدیلانەی دەسەلاتدارانی شاری هەولێر لە کۆتایی مانگی حوزەیران لەسەر قانونی عقوبات و قانونی ئەحوالی شەخسی تایبەت بە کێشەی ژنان کردوویانە، دەوری ئەم تەعدیلاتانە گفتوگۆو و قسەیەکی زۆری لەسەرگرنگی ودەوری لە خەباتی رزگاریخوازی ژنان هەلدەگرێ. ئەو گۆرانکارییە لە چوار چێوەیەکی تەسك و دەستکاری ناوەرۆکی قانونی دژە ژنییەکەی نەکردووە کە لەسەر پلە دووی ژنان دارێژراوە ٠ لە هەمان کاتدا دەهۆل و چەپلە و هات و هاوارێکی زۆر بۆ ئەو تەعدیلاتانە دەکرا بە دەستکەوتیکی مەزن و پیشرەوێکی گەورەی دەستەلاتداران دادەنرا ٠ ئەگەر چاو بە واقیعەت و معاناتی ژنانی کوردستان بخشێنین ، پەردە لەسەر وەزعیەتی هەلو مەرجی دژوار هەلمالین واقیعەتالەکانی پەیوەند بەو تەعدیلانە دەدۆزینەوە لە شوینی خەباتی رزگاریخوازی ژنان.

گومان لەوە نییە مەسەلەی گۆرینی قانونی ئەحوال شەخسی پێداگرتن لەسەری لە ماوەی دەیەکدا یەکێکە لە مەسەلە هەرە ئەساسییەکانی بزوتنەوەی ژنان لە کوردستان.

بزوتنەوەی ژنان بەهۆی دوو هۆکارەوە داواکاری گۆرینی قانون ئەحوال شەخسین:١-ئەم قانونە لەسەر شەریعەت و نەریتەکەی داریژراوە، ٢٠-ئەم قانونە پاشماوە و میراتی رژیمی بەعسە٠ لە ئاکامدا ئەم قانونە شوینکی نزمی بەژن بەخشیوە ، وەك پلە دوو لە کۆمەل چاوی لێدەکات ئەمەش شتێکی بەلگە نەویستە بە هیچ جۆرێك گۆرانکاری و دەستکاری هەلناگرێت ٠ ئەوەی زانراوەو گۆرینی قانونی ئەحوال شەخسی تەنها داواکاری بەشێکی بزوتنەوەی ژنانە لە کوردستان وەك بزوتنەوەیەکی سیاسی بەدوای ئامانجێکی دیاری کراوەوە ئەویش یەکسانی تەواوی ژن وپیاوە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ، هەتا بالیبزوتنەوەی رادیکالیش درکی بە بەر تەسك بوونەوەیداواکاری گۆرینی قانونی ئەحوال شەخسی کردووە ، چاك دەزانێت بۆ دۆزینەوەی چوار چێوەی قانونێك و جێخستنی کۆمەلە دەستکەوتێك و پیشرەوێك لە قازانجی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ، سەربەستی هەنگاوێکی ئەساسییە بۆ هەر گۆرانکارییەك لە وەزعی ژنان ٠ یەکسانی وەك چەمك و ئامانج فراوانتر و هومەلایەنتر لە یەکسانی قانونی ، بەم شیوەیە نالێن یەکسانی قاتونی تەنها گۆشەیەکی بچووکە لەو چەمکە ٠ راستییەکەی ئەم جۆرە تەعدیلانە لە ئەنجامی فشارو هێزی بزوتنەوەی ژنانە لە کۆمەل ، کێشەی ئازادی ژنان بۆتە کێشەیەکی سیاسی و مەحوەری کێشمەکیشی کۆمەلایەتی هێزو بزووتنەوەی سیایی جیاواز لە کوردستان ٠ بێگومان ئەو جۆرە تەعدیلاتە لە ئەنجامی توانا و هێزو فشاری بزوتنەوەی رزگاریخوازی ژنان لە پال هێزی رادیکال و رزگاریخوازی کۆمەلگا ٠ سیماکەی تری سیمایەکی شاراوەیە هیچ گومانیك ناهێلی بۆ بەر تەسك بوونەوەی ئەم جۆرە تەعدیلانە ، لە هەمان کاتدا هەولدانە بۆ لە قالب دانی چالاکی بزووتنەوەی ژنان لە چوار چیوەیەکی تەسك و سنووردار و تەگەرەخستن بۆ بەردەمی پرۆژەی یەکسانی تەواوی ژن وپیاو لە هەموو بوارەیکانی ژیان ، بچوك کردنەوەی دروشمەکانی خەباتی یەکسانی کە ئەم بزووتنەوە یە بەرزی دەکاتەوە ٠ ئەم جۆرە تەعدیلاتە لەلایەن پەرلەمانی هەولێرەوە دەرچووە ، هەولدانە بۆ شەرعیەت دان و خۆ دەربازکردن لە مەسولیەتی داواکاری بزووتنەوەی ژنان ، وا خۆی نیشان دەدات کە وەلامدەرەوەو داخوازی و ئیرادەی خەلکە بۆ گۆرینی ئەم قانونە چونکە پەرلمان بنچینەی قانون دانانە کە جەماوەری خەلك هەلیبژاردوە بۆیە ئەو بریارانە بۆ خواست و ئیرادەی جەماوەر دەدات ٠ لە واقیعدا ئەو جۆرە دەستکاریانەی لە قانونی کراوە لەگەل پێداویستی ژیاتی سەردەم ناگونجێت ، بەلکو تەگەرەیە لە بەردەم دەروازەی بەهرەمەندبوون بە ژیانێکی بەختەوەرو خۆش گوزەران و لە هەمان کاتدا داواکاری جەماوەر بە ژن وپیاوەو گۆرینی قانونە بە قانونیکی پیشکەوتنخواز وەلامدەرەوەی پێداویستی بەشەری ئەم سەردەمە و رێکخستنی پەیوەندی نیوانیان لەسەر بنچینەی یەکسانی و عەدالەت و ریزگرتنی نرخی ئینسانە ، ئەمانە داواکاری بزووتنەوەی ژنانە لە کوردستان، قەدەغەکردنی جیاکاری دژی ژن لە کۆمەلکا، رزگار بوون لە عادات و نەریتی عەشایەری و پیاو سالاری و کۆنەپەرستیکە مۆری بە سەر ژیانی کۆمەلگا داناوە، ئازادی رادەربرن وهەلبژاردنی هاوسەرو هەلبژاردنی شوینی کارکردن و هاتووچۆ و خۆێندن و زانست و زانیاری و بەشداری لە هەموو چالاکیەکانی کۆمەلایەتی و دانانی سنورێك بۆ ئیهانە و سووکایەتی و کرامەت شکاندن هەر لە ئیغتساب کردن و دەست درێژی کردنە سەری، چی تر وەك ئامرازیك بۆ تێرکردنی لەزەتی پیاو لە لەزەتی جنسی و مندالبوون سەیر نەکرێن و بە کاربوونی هزرو جەستە ٠ ئەمانە لە قانونی ئەحوال شەخسی هیچ وجودی نییە ئەم قانونە لە مەرحەلەیەکی دیاریکراوو لەسەر شێوەو بنچینەو بنەمای هاودژە یەکسانی بەشەر دارێژراوە بە لەبەر چاوگرتنی جنس و ئینتمای میللی و عەشیرەت و نەریت ٠ ئیستا تەنها رێگای بەردەم بزووتنەوەی ژنان رێکخستنی رێزەکانیەتی بۆ بەرەو پێشچوونی خەباتی رادیکالی و بۆ گۆرینی بنچینەی قانونی ئەحوال شەخسی نەك تەعدیل کردنی چەند برگەیەك ٠ ئەمەش هەنگاوێکی ئەساسییە بۆ بەرەو پیش بردنی خەباتی یەکسانی ژن وپیاو و جێ بەجێ کردنی ئامانج و داخوازییە بەرهەقە رەواکانی بزووتنەوەی ژنان.

*تیبینی : ئەم ووتارە لە بڵاوکراوەی" النضال الشیوعي" وەرگیراوە .

جگە لەسەروتار هەموو ئەوبابەتانەی کەبڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانەو ( یەکسانی ) لێی بەرپرسیار نییە . . .